# تورکیا کۆمەڵکووژی دەکات

رووداوەکانی ئەو دواییانەی باکووری کوردستان کۆمەڵکوژیەکی نوێیە کە لە لایەن دەوڵەت و حکومەتی تورکیا رو دەدات.

کەش و هەوایی سەپێندراو بە سەر گەلی کوردستان کۆکراوەی زخت و زۆری دەیان ساڵەیە کە دوا بە دوایی دامەزرانی حکومەتی تورکیا بە سەر گەلی کورد و باقی نەتەوەکانی تر داسەپاوە. دەسەڵاتدارانی تورک جاری یەکەمیان نیە کە کۆمەڵکووژی دەکەن، کۆمەڵکووژی ئەرمەنەکان، روداوێکی دیارە کە ئیمرۆ جیهان بە فەرمی دەناسێت، بێ گوومان ئەگەر ئەمرۆ ئەرمەنەکان وڵاتێکی بە فەرمی ناسراو و رێوەبەری سەربەخۆیی خویان نەبا، باسی ئەو کۆمەڵکووژیەش نەدەکرا.

رێک هاوکات لە گەڵ ئەو کۆمەڵکووژیە، گەلی کوردیش کەوتە ژێر هەرەشەی لە ناو بردن و بە هەزاران کەس بوونە قوربانی، بەڵام چۆن گەلی کورد خۆرێوەبەری نەبوو کە لێپرسینەوە لەو روداوە تاڵە بکات، کارەساتی سەپێندراو بە سەر گەلی کورد پەردەپۆش کرا.

دوابەدوایی هەڵوەشانەوەی عوسمانی و دامەزرانی تورکیا، بریار بوو دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کورد دابمەزرێ، بەڵام حکومەتی تورکیایی نوێ و وڵاتانی زلهێزی ئەو سەردەمە بە رێککەوتنی خۆیان، ئەو مافەی گەلی کوردیان زەوت کرد و رێگەیان کردەوە بو حکومەتی تورکیا کە بە کوشتن، تیرۆر، کۆچبەر کردن، ئا سیمیلاسۆن و هتد هەوڵەکانی بۆ لەناو بردنی گەلی کورد درێژە بدات، بە شێوازێک کە ئەو کۆمەڵکووژی و سیاسەتی لە ناوبردن تائێستاش درێژەی هەیە.

هەوڵی تیرۆر و ژینۆسایدی گەلی کوردستان مێژووی دەگەرێتەوە بۆ دامەزرانی تورکیا و تا ئیمرۆش درێژەی هەیە، گەلی کوردستان بۆ پاراستنی خۆیی دەستی داوەتە بەرخودان و تائێستا چەندین جار شۆرشی کردوە.

دواین هەوڵەکانی گەلی کوردستان بۆ ئازادی و دەستەبەر کردنی مافەکانیان بە پێشەنگی پارتی کرێکارانی کوردستان و پارت و لایەنی سیاسی کورد لە ناوخۆیی باکوری کوردستان بە دەست پێ کردنی پرۆسەی ئاشتی پێی خستە قۆناغێکی نوێ و هیوایی ئەوەی بەخشی کە دەوڵەتی تورک وازی لە سیاسەتی ئینکار و لە ناو بردنی گەلی کورد هەڵگرتوە و دەخوازێ کۆتایی بە شەر و چەوساندنەوە بێنێت، بەڵام بە هێرش کردنی سەر لە نوێی ئەرتەشی ئەو وڵاتە بو سەر گەلی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان دەرکەوت کە ئەو دەوڵەتە هیچ باوەری بە مافی مرۆڤ و مافی ژیانی ئازادی گەلان نیە.

هاوکات لە گەڵ برۆسەی ئاشتی، دەوڵەتی تورکیا دەستی کرد بە زیادکردنی پایگا نیزامیەکان، دەستبەسەر کردنی چالاکانی سیاسی و رۆژنامەنووسان هاوکات زەخت و زۆری بۆ سەر خەڵکی سڤیل.

بە چر بوونەوەی شەری سوریا کە کوردان توانیان ناوچەکا نی خۆیان بپارێزن و رێوەبەری خۆیان دروست کەن،دەوڵەتی تورکیا هێرشەکانی زیاتر کرد. بۆ پێش گرتن لە بەرەو پێش چوونی کوردەکان دەستی دایە یارمەتی هێزە تیرۆریستەکانی وەک داعش، جبهە النصرە و هتد، چەندین جار راستەوخۆ هێرشی کردە سەر ناوچە کوردیەکان کە ئێستا لەلایەن خۆدی کوردەکان بەرێوە دەچن لە سوریا.

هەڵبژاردنەکانی پارڵمانی لە تورکیا قۆناغێکی نوێ بوو کە دەوڵەتی تورکیا هێرشەکانی بۆ سەر گەلی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیا چرتر کردەوە، گرتن و زیندانی کردنی ئەندامانی پارتی دیموکراتیکی گەلان (ە د پ)، دەستبەسەر کردنی زیاتری رۆژنامەوانان، داخستنی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی وەک تویتێر- یوتیوب، لە کارەسات بارترین حاڵ دا نانەوەی بۆمب لە متینگەکانی هەڵبژارنی پارڵمانی (ە د پ) و کوژرانی دەیان کەس بوو کە شارەکانی سوروج و ئامەد دیارترین نمونەی ئەو کردەوە دژەمرۆڤیەی حکومەتی تورکیان.

دوایی ئەوەی کە گەلی کورد زۆرترین دەنگی خۆیان دایە پارتی دیموکراتیکی گەلان و پارتە تورکەکان دەنگیان نەهێنا لە کوردستان، حکومەتی تورکیا بە فەرمی رایگەیاند کە باوەریان بە پرۆسەی چارەسەری نیە و لە وڵاتی تورکیا تەنیا یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئایین هەیە

ئێستاکەش هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا رۆژ بە رۆژ دژوارتر دەبن و دەستیان داوەتە کوشت و بری زیاتری کوردستانیان. لە تەواو ناوچەکان قەدەخەی هاتوچۆ راگەیاندراوە و حکومەتی سەربازی لە ئارا دایە. رێگەی هاتوچۆ و ژیانی خەڵک وەستاوە، لە ماوەی چەند مانگی رابردو بە سەدن خەڵکی سڤیل بە تەقەی راست و خۆیی هێزە سەربازیەکانی تورکیا گیانیان لە دەست داوە، کە زیاتری کوژراوان منالن. ئەو هێزانە بە رۆژی روون چالاکانی ناودار تیرۆر دەکەن کە تاهیر ئیلچی نموونەیێک لەو کارەساتەیە. بە دەیان ئەندام و چالاکی سیاسی سەر بە پارتە کوردیەکان دەستبەسەر کراون.

www.kmmk.info 00 46 76 59 59 589 info@kmmk.info





رۆژانه خەڵک له سەر شەقامەکان دەدرێنه بەر هێرش و ئازار دەدرێن. ئەوه له کاتێک دایه کاتێک مرۆڤێک چ تاوانبار چ بێ تاوان دەستبەسەر دەکرێت، به هیچ شێوەیەک مافی ئازاردانی گیراویان نیه.

گەمارۆیی سەر شار و خڵک به رادەیێکه که ژیانی ئاسیان وەستاوه و ئێستا له بواری خۆراک، دەرمان، ئاو و برق توشی کێشه بوون و هەر کات ترسی ئەوه هەیه کارەساتی مرۆڤی روبدات.

هێزه ئەمنی و سەربازیەکانی دەوڵەتی تورکیا به چەکی قوورس هێرشیان کردۆته سەر شارەکان و رێک شێوەی شەری سوریا له باکوری کوردستان بەر چاو دەکەوێ. به تۆپ و تانک هێرش دەکرێته سەر ماڵ و کۆڵانی خەڵک و گوند و شارەکانی کوردستان تەواو وێران بوون، لەو تۆپباران و هێرشانه دا مال و خانویی خەڵک، قوتابخانەکان، دەرمانگاکان و ئاسەواره کۆنەکان کراونەته ئامانج و وێران دەکرێن، خەلک به زۆری کۆچبەر دەکرێن و هەولی ئاوارەکردن و تواندنەوەی زیاتری گەلی کورد دەدرێت.

له ماوەی چەند رۆژی رابردو وەک راگەیاندنی دەوڵەتی تورکیا باسی دەکەن دەهەزار سەربازیان ناردوه و دەستیان داوەته گەمارۆدانی خەڵک. لەو چەند رۆژەدا زیاتر له ٥٠ کەسی سڤیل کوژراون، که منالێش له نێو کوژراوان دایه، دەوڵەتی تورکیا کوژراوەکان وەک ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان باس دەکات، له حالێک دا ئەوه دووره له راستی و کوژراوەکان تەنیا خەڵکی سڤیلن.

حکومەتی تورکیا له درێژەدان به پێشێل کاریه مرۆڤیەکانی دا چەندین سەرۆک شارەوانی که هەڵبژاردنی خەڵک دا هەڵبژێردراۆن دەستبەسەر کردوون و رەوانەی گرتوخانه کردوون.

ئەندام پارڵمانانی سەر به پارتی دیموکراتیکی گەڵان تەهدید به کوژران کراون و چەندین کەسیان به هێرشی راستەوخۆیی ئەرتەشی تورکیا بریندار کراون.

دەوڵەتی تورکیا له سەرەتایی دامەزرانیه تاوانگەلی دژەمرۆڤی ئەنجام داوه و له سەرەتایی دروست بوونی ئەو دەوڵه ته گەلی کوردستان کەوتۆته بەر هێرش، کۆمەڵکووژی دەرسیم و دیاربەکر له دەیەی هەشتا و نەوەدەکان نمونەی دیاری ئەو تاوانەن

سەدان چالاکی سیاسی، مەدەنی، ڕۆژنامەنووس کەوتونەته بەر تیرۆر و وەک پەروەندەی بێ سەرئەنجام ناوزەد کراون چەوساندنەوه و ئازاری خەڵکی کورد سیاسەتی دیاری ئەو دەوڵەته نوێیه بووه که ئامانج لێی لەناو بردنی و پاکتاو کردنی ئەو گەله بووه، هەزاران گوند چۆڵ کراون و له ناو چوون، به ملیۆنان خەڵک راگوێزی به زۆری ناوچه تورکیەکان کران بۆ ئەوەی بتوێنه و ناسنامەی خۆیان له بیر بەرنەوه.

به سەدان چالاکی سیاسی راگوێزی زیندان کران، بەشی هەره زۆریان لەناو زیندانەکان داکوژران، ئەوانی تریش به درندانەترین شێوه شکەنجه دران، ئەحمەد تورک و لەیلا زانا(دو پارڵمانتاری ئێستاکەی کوردان له پارڵمانی تورکیا) دیارترینی ئەو کەسانەن که روبەروی دژوارترین شکەنجەکان بوونەوه.

زمان و کلتوری گەلی کورد قەدەخه کرا و به هەزاران کەس به هۆیی پاراستنی کلتوری خۆیی و ئاخافتن به زمانی کوردی کوژران و رەوانەی زیندانەکان کران.

هەر چەشنه چالاکی و داکۆکی کردن له مافه سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان وەک تاوان دەناسرێ و هەر کەس لەو چوارچێوەیه چالاکی بکات روبەروی زیندان ده بێتەوه. هەر چەشنه باس کردن له مافەکانی گەلی کورد قەدەخه و بەو هۆکارانه تا ئێستا به سەدان کەس کوژراون و گیانیان لەدەست داوه.

ئەوه له کاتێک دایه که نەتەوه یەکگرتوەکان، یەکێتی ئەوروپا، وڵاتانی ئەندام لەو دو ناوەنده ئاگاداری هەموو ئەو روداوانەن، بەڵام هیچ هەڵوێستەتێکیان له هەمبەر ئەو تاوانانەی دەوڵەتی تورکیا نەبووه.

ئەساسی نەتەوه یەکگرتوەکان و یەکێتی ئەوروپا ئەو جۆرەی که ئاماژه دەکرێت بۆ پاراستنی ئاشتی، ئازادی، پێکەوه ژیانی ، پاراستنی کرامەتی تاک و بەکۆمەڵی مرۆڤ و کۆماڵگاکان، وەک هەویی و یەکسانی مرۆڤەکان به دور له هەر چەشنه پاکتاوی رەگەزی، نەتەویی، بەڵام دەوڵەتی تورکیا هەموو ئەو ئامانجه مرۆڤیانەی پێشێل کردوه.

تورکیا خوازیاری ئەندامەتی له یەکێتی ئەوروپایه و یەکێتی ئەوروپاش باسی ئەوه دەکات که دەخوازێ تورکیا وەک ئەندام بگرێت، بەڵام ئەساسی ئەو یەکێتیه بو دیموکراسی، ئازادی، پاراستنی مافی تاک و نەتەوەکانه، لێره پرسیار دەکرێت که چۆن دەبێت یەکێتیەک داخوازی مافی ئینسانەکان بێت بەڵام چاوی له تەواوی تاوانەکانی تورکیا بەستوه و زۆربەی جارەکان یارمەتی دەری سەرکوتەکانی تورکیا بووه دژی گەلی کوردستان

چۆن دەکرێت باسی یەکسانی، پارێزراو بوونی کەرامەتی ئینسانەکان، مافەکانی مرۆڤ بکرێت، هاوکات پشتیوانی لە وڵاتێک بکرێت کە تاوانی دژە مرۆڤی ئەنجام دەدات.

چۆن دەکرێ نەتەوەیێک کە زیاتر لە ٥٠ ملیۆن کەسە لە هەموو مافەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتوری خۆیی بێبەش کراوە، لە کاتێک دا ئەو مافانە سەرەتایترین مافی هەر تاک و نەتەوەیێکە.

بەرپرسیاری سەرەکی ئەو تاوانانەی کە دژ بە گەلی کورد لە تورکیا ئەنجام دەدرێت، تورکیا و فاشیزمی چەقاوی ناو گەلی تورکە، بەڵام لە دەرەجەی دوهەم دا ئەو جۆرەی دیارە نەتەوە یەکگرتوەکان، یەکێتی ئەوروپا، وڵاتانی ئەندام لەو دو ناوەندەن تاوانبارن، کە زوڵم و زۆری ئەو دەوڵەتە دەبینن بەڵام بێهەڵوێستن.

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان وێرایی مەحکوم کردنی تاوانەکانی دەوڵەتی تورکیا، رخنە لە نەتەوەیەکگرتوەکان، یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی جیهان دەگرێت، کە چاویان بەسەر ئازارەکانی گەلی کورد داخستوە و ئێش و ئازار و پاکتاو بوونی ئەو گەلەیان بۆ گرینگ نیە و پەردەپۆشی دەکەن.

ئێمە کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان دەخوازین ئەو ناوەندانە گوشار بێنن بۆ دەوڵەتی تورکیا و ئەو هێرش ۆ کۆمەڵکوژیە راوەستێنن، راوەستانی پاکتاوکردنی گەلی کورد تەنیا بە فشاری راستەقینەی ئێوە بەدی دێت و دەتوانرێ کۆتایی بەو تاوانە بێت، گەراندنەوەی دەوڵەتی تورکیا لەو تاوانە دژە مرۆڤیانە تەنیا لە حاڵەتێک دا بەدی دێت کە ئێوە تورکیا وادار کەن کە رێز لە بەها مرۆڤیەکان بگرێت، ناسنامەی کوردستانیان بە فەرمی بناسێت

کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان